# منداڵێکیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، میزی بەسەر جلەکانیدا کرد، ئەویش بانگی کرد ئاو بهێندرێت وپرژاندی بە شوێنەکەیدا

له ئوم قەیس کچی میحسەنی ئەسەدیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کوڕێکی بچووکی هێنا بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- کە هێشتا خواردنی نەخواردبوو (هێشتا هەر شیرخۆر بوو)، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- لەسەر کۆشی داینا، بەڵام منداڵەکە میزی بەسەر جلەکانیدا کرد، ئەویش بانگی کرد ئاو بهێندرێت وپرژاندی بە شوێنەکەیدا (شوێنی میز لەسەر جلەکانی)، وجلەکەی نەشۆرد». لە عائیشە دایکی ئیمانداراناەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «منداڵێکیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، میزی بەسەر جلەکانیدا کرد، ئەویش بانگی کرد ئاو بهێندرێت وپرژاندی بە شوێنەکەیدا». ولە گێڕانەوەیەکدا: «پرژاندی بە شوێنی میزەکەدا، وجلەکەی نەشۆرد».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە - بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- منداڵەکانیان دەهێنا بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆ ئەوەی بەرەکەتیان تووش ببێت بەهۆی خودی خۆی و بەهۆی نزاکانیەوە، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە ئەوپەڕی ڕووخۆشی ولێبووردەییەوە پێشوازی لێدەکردن کە ئەمیش لە نیشانەی ڕەوشت جوانیەتی -صلى الله عليه وسلم-، جارێکیان ئوم قەیس -ڕەزای خوای لێبێت- کوڕێکی منداڵی هێنا کە هێشتا هەر شیرخۆر بوو ودەستی نەکردبوو بە خواردن، بەهۆی ڕەحمەت وخۆشەویستی بۆ ئەو منداڵە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەسەر کۆشی خۆی داینا، بەڵام منداڵەکە میزی کرد بەسەر جلەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، وئەویش داوای کرد کە ئاو بهێندرێت وپرژاندی بەسەر شوێنی میزەکەدا، وجلەکەی نەشۆرد، وئەمیش حوکمێکی تایبەتە بە منداڵی کوڕ؛ چونکە بۆ منداڵی کچ دەبێت جلەکە بشۆردرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3529